هەر کەسێک بمرێت لە سەر پاڕانەوە لە جگە لە اللە ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە

لە عبداللە کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شتێکی فەرموو ومن شتێکی تر، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەر کەسێک بمرێت لە سەر پاڕانەوە لە جگە لە اللە ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە»، ومن ووتم: هەرکەسێك بمرێت لەسەر نەپاڕانەوە لە جگە لە اللە ؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێك شتێك بکات بۆ جگە لە خوای گەورە ؛ لەو شتانەی کە واجبە تەنها بۆ اللە ئەنجام بدرێن، وەکو پاڕانەوە وداواکردن لە جگە لە اللە -سبحانه وتعالى-، یان داوای بەهاناوە هاتن لە جگە لە اللە، و لەسەر ئەم حاڵە بمرێت ؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە. وئیبن مەسعودیش -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: هەرکەسێك بمرێت و بەهیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ؛ ئەوا چارەنووسی بەرەو بەهەشتە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3419